# کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

## کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەشداری لە مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی کرد و مانگرتن سەرکەوتنی بەدەست هێنا

رۆژی 2005/04/03 دەستەیەك لە کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەشداریان لە مانگرتنی خویندکارانی زانکۆی سلیمانیدا کرد بە بلاوکردنەوەی بەیاننامەی پشتیوانی و قسەوباس کردن لەگەل نوینەرەکان و دواتر لەسەر داوای نوینەرەکان ئاسۆ کمال جیگری سکرتیری کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ووتەیەکی پێشکەش مانگرتووەکانی زانکۆی سلیمانی کرد و لەبەشیك لە قسەکانیدا ووتی : ئیمە مانگرتن و نارەزایەتیەکانی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لەدژی گەندەلی لە کاروباری خوێندنی بالادا بەبەشێك لە حەرەکەتی کۆمەلگای مەدەنی کوردستان دەزانیٚ بۆ باشترکردنی مافی خوێندن و پەروەردەی زانستی لە کوردستاندا و هەربۆیە پشتیوانی توند لەو جولانەوەیەی خوێنکارانی زانکۆی سلێمانی دەکا و هەولی جدی دەدات لەپێناو سەرکەوتنیدا.

ئیمە داوای خویندکارانی کۆلیژەکانی پزیشکی و ئەندازیاری و یاسا و ئەوانیتر بۆ داخستنی زانکۆی ئاینده دەکەین تا ئەوکاتەی ستاندارده زانستیەکانی زانکۆ رەسمیەکانی تر پەیرەو دەکات بەرەوا دەزانین و لەگەلیان دەبین بۆ راەستانەوە بەرامبەر بەو هەرەشە و گوشارانەی دەسەلاتداران . وە پێویستە هەموو خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و سەرجەم زانکۆکانی کوردستان و رای گشتی پشتیوانی خواستەکانیان بکەن و رێگە نەدەن هیچ چەواشەکاریەك کە بەرامبەر بەم مانگرتنانە دەکرێت لەو پشتیوانیە دەربرینە ساردیان بکاتەوە.

هەروەك تەجروبەی ئەم مانگە لە مانگرتنەکە نیشانیداوە وەعدەو بەلێنەکانی کاربەدەستانی حکومەت و حزبی دەسەلاتدار بۆ دەستخەرۆکردنی خوێندکاران و رێگەگرتنە لە جیٚبەجیٚبونی خواستەکانی خویندکاران و هاتنە مەیدانی سەربەخۆیان.هەربۆیە سەرکەوتنی ئەم نارەزایەتی ومانگرتنەی خوێندکاران لە پت بەستن بە هێزی یەکگرتوی خۆیان و بریاری بەکۆمەلی خوێندکاران و کارکردنی دەستەی نوێنەرایەتی ئێستای مانگرتنەکەیە بۆ بەرەسمی ناسرانی خۆی لەلایەن زانکۆ و ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ بەدوداچوون و جێبەجیکردنی داواکاریەکانی خوێندکارانی زانکۆ.

کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەپێناو سەرخستنی ئەم داوا و خەباتەی خویندکارانی کوردستان شان بەشانی دەستەی نوێنەرایەتی خویندکارانی زانکۆی سلێمانی تێدەکۆشیٚ و لەپێناو راکێشانی پشتیوانی رای گشتی خەلکی کوردستان و رێکخراوە نیونەتەوەیەییەکان لەم جولانەوەیەی خویندکاران تێدەکۆشێت.

دوای تەواوبونی ئەم ووتەیە لە نیو چەپلە رێزانی مانگرتووەکاندا ، نامەی پشتیوانی خویندکارانی زانکۆی بەسرە لە مانگرتنی زانکۆی سلیمانیش خویندرایەوە و بەگەرمی پیشوازی لێکرا.

لە دوای بەردەوامی خویندکارانی زانکۆی سلێمانی لەسەر مانگرتنەکەیان رۆژی 2005/04/04 ئەنجەمەنی وەزیران ناچاربوو بە قبولکردنی داوای خویندکارەکان کە ناوەرۆکەکەی بریتیبوو لە: داخستنی زانکۆی ئاینده، نەهیشتنی گەندەلی ئیداری لەزانکۆ و لەدامودەزگاکانی تردا و دابینکردنی خێرای تاقیگە و پێویستیەکانی تری خویندن کە پێشتر لیستی ئەم داوایانە دراوە بە ئەنجومەنی وەزیران . وە هەروەها بەرەسمی ناسرانی ئەم نوێنەرایەتیەی خویندکارانی زانکۆی سلێمانی لەلایەن زانکۆ و ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ بەدوداچوون و جێبەجیکردنی داواکاریەکانی خوێندکارانی زانکۆ.

asokamal@yahoo.com, zmnaco@yahoo.co.uk,
www.kurdistanreferendum.net
Tel :07701445961,07701549800